# بەخشندەیی هەور و هۆنراوە....

هاوڕێ موستەفا

ئەگەر هەور بیزانیانە
زەوی گەروی شین و بۆنداری خۆی قفل دەکات
وەها بەخوڕ نەدەگریا.
تک تک ، لوتفی گەلاڵەبووی تەمەنی خۆی،
بەو ریتمە مۆزیقاویانە،
بە گازەرەی پشتی شاخێکی بۆرهەڵگەڕاودا نەدەدا.
تەنک تەنک
تام و چێشی کۆکراوەی ئۆقیانوسێکی دوورە دەستی
لە پریاسکەکەی نەدەکرد،
هەتا لەگەڵ لارە و لەنجەی شەماڵێکدا بیانهێنێ و
زەنگوڵ زەنگوڵ
چڕی لێرەوارێکیان پێ سواخبدات.

++++

ئەگەر کۆپلە هۆنراوەیەکی قیتەڵە بیزانیایە
هۆش و مێشکم داینەمۆی دیواخانێکی بۆ سازناکەن
وەها خانەدانانە گۆرانی بۆ نەدەچریم.
پۆشتەوپەرداخ ، شەتڵی گوڵە فەرهەنگێکی ڕازاوەی خۆی
وا بەخشندەییانە نەدەگوشی و
شاپێکی شەرابێکی بۆ مەستبوونم نەدەگەیاند.
پەیتا پەیتا
ژیلەمۆی هەناسەکانی شاعیرێکی کەنارگرتووی
کوچەکوچە و کۆڵان کۆڵان نەدەهانی
هەتا لەگەڵ خەمە قەلەندەر و زەبونەکانمدا
وچان وچان و
قوڵ قوڵ ژێرخانی ویژدانی یەکتر هەڵدەنەوە

حوزەیرانی ٢٠٠٨